# ئایا ڕەوشت هەتا چ ئاستێک لامان گرنگە؟

بێگومان هەموو یەکێک لە ئێمە چەندین جار ڕوومان بووە بە ڕووی ئەم پرسیارەوە کە ئایا هەتا چ ئاستێک دەبێت ڕەوشت لامان گرنگی هەبێت؟ وە ئایا ئێمە چی بە ڕەوشت ئەزانین و چیش لامان مانای بێڕەوشتی ئەبەخشێ پێمان؟ وە یان ئایا ڕەوشت ئابڕووە یان هەڵوێستێکی ترە بەدەر لە ئابڕوو؟ بێگومان ڕەوشت ئابڕوو نییە بگرە ڕەوشت لە بنیاتێکی مرۆیانە و ناوەڕۆکێکی هەست و سۆزەوە دێتە ئاراوە، هەموو هەڵسوکەوتەکانی ژیان بە هەر چەمکێکیانەوە دەیانگریت پێویستیان بە بەخشینی ڕەوشتی تایبەتی خۆیان هەیە ئەمەش لێرەدا کەوتۆتە سەر سەلیقەی ئەو مرۆڤە خۆی هەتا چ ئاستێک ئەتوانێ ڕەوشتێکی جوان بدات بەو کارەی دەیکات؟ هەڵسان و دانیشتنی ڕۆژانە لەهەر شوێنێکی گوزەردا بێت ڕەوشتی گەرەکە چۆنێتی گفتۆگۆ کردن لە خێزاندا و لە کۆمەڵدا و لەسەر کار و دەروبەردا بێگومان ڕەوشتی گەرەکە، مرۆڤ لەوکاتەوەی بەیانیان چاوی وەنەوز هەڵئەنێت و لەو خێزانەی کە تێیدا دەژی دەبێت بزانێت چۆن هەڵسوکەوت بەڕەوشتی خۆیەوە دەکات، کەواتە ڕەوشت کۆڵەکەی بەڕێوەچوونی هەڵسوکەوتەکانی ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤە، مرۆڤ ئەگەر ڕەوشت نەناسێت مانای بوونی کەسێتی خۆی و مرۆڤایەتی خۆشی ناناسێت. چونکە ڕەوشت ئەو سیستێمە کاریگەرییەیە کە پەیوەندییەکان دروست دەکات، ناوەڕۆکی ژیان وەدەردەخات بە مانا پیرۆزییەکەی بوون و مرۆڤەوە، ڕەوشت هێڵ و سنوری مرۆڤ لە جیهانی ئاژەڵ جیادەکاتەوە، کە ئەویش هۆش ڕابەری ئەم بیرۆکەیە دەکات چۆن ڕۆژانە بتوانێت بەرەو پێشکەوتنی بەرێت، بوونیەتی ڕەوشتێکی دەوڵەمەند لە هەر مرۆڤێکدا پلەکانی بە مرۆڤ بوونی خۆی بەرەو سەر دەبات، تا گەیاندنی بە ئاستێکی ئینتەرئەکتویلی. بۆیە سانا نییە مرۆڤ ئیمڕۆ بتوانێت لە خەڵکانێکەوە نزیک بێتەوە کە بە مانای وشە بەڕەوشت بن، خەڵکانێک بدۆزیتەوە ڕەوشتیان لە ئاستێکی مرۆڤانەی بەرزدا بێت دوور لە کەلاوەکانی ڕق و کینە و درۆ و دووڕوویی و بێ هەڵوێستی و بێ ویژدانی لە بڕیاردا و نەبوونی کانیاوێک لە وەفا تێیدا. وشەی ئابڕوو لە کۆمەڵی کوردەواریدا وەک خودی وشەکە کە کوردییە بەڵام وەک کلتور لە کلتورەکانی بێگانەی عەرەبەوە هاتۆتە ناو گەلی کوردەوە کە کوردیش لە شەرەفەوە وەریگرتووە، کە ئەویش بنەما لێکدانەوەییەکانی ئەبەستریتەوە بەڕەفتارە ڕەگەزبازییەکانەوە، داخستنی دەرگای ئازادی ڕەگەزبازی لەناو هەر گەل و نەتەوەیەکدا هەبێت وشەی ئابڕووش بەردەوامی بەسەر زاری خەڵکەکانییەوە وەردەگرێت، کەواتە لێرەدا پێویستە جیاوازییەکی بەرفراوان بخرێتە نێوەندی وشەی ئابڕوو لەگەڵ ڕەوشتا، ئابڕوو دارشتنێکی ڕەگەزبازییانەی هەیە بەڵام ڕەوشت بنەمایەکی هەست و سۆز و مرۆڤانەی هەیە کە هەموو یەکێکمان ڕۆژانە ڕەفتاری پێوە دەکەین، زۆر جار مرۆڤ تووشی خەڵکانێک دەبێت کە کۆمەڵ بە پێی یاسا ئاینی و کۆمەڵایەتییەکان ڕەتیان دەکاتەوە چونکە ئەوان بۆ کۆمەڵ بە بێ ئابڕوو ناو دەبرێن، بەڵام کە تەماشا دەکەیت خاوەنی ڕەوشتێکی گەلێک مرۆڤانەن لێرەدا تاوانی ئەوانە تەنها ئەوەیە کە یاسا کۆنەپەرستیانەکانی کۆمەڵ پێیان دەڵێن بێ ئابڕوو،

کەچی ئەوان هەست و سۆزی مرۆڤانەی خۆیان ون نەکردووە، بگرە گەلێک بەڕەوشتترن لە خەڵکانێکی وەک مەلا و شێخ و مامۆستا و خوێندکارەکانی دانیشگا و سیاستمەنداران. من لێرەدا بانگەشە بۆ ئەو کەسانە دەکەم کە پێئەچێت هەتا ئێستا نەزانن جیاوازی نێوان ئابڕوو ڕەوشت چییە، وە پێشیان وایە خاوەنی ڕەوشتێکی زۆر بەرزن بەڵام مەخابن هەندێ جار لە زانا وایە نەزانە و لە نەزانیش وایە کە زۆر زانایە، باشترین ڕێگا بۆ ئەو کەسانە ئەوەیە سەرەتا فێری ڕەوشتی گفتووگۆ بن زمانیان لە وشەی ناشرین پاکبکەنەوە، یان ئەوەتا قسە نەکەن چونکە پێئەچێت لە قسە نەکردنیاندا هونەریان گەلێک جوانتر بێت وەک لەوەی کە قسەدەکەن. با فێر بن کە ئیمڕۆ سەردەمی ئابڕوو بەسەر چووە بەڵام باڵای ڕەوشت هەتا بێت هەر بڵندتر دەبێت، ڕەوشت هاوڕێیەتی دروست دەکات ڕەوشت وەفاداری پێکدێنێت، ڕەوشت ڕەگی پتەوی دڵسۆزییە.

بژار بابان

بریستۆڵ - بەریتانیا 15.02.03